چاوپێکەوتنێک لەگەڵ خوای بوختان گۆڵمەزی کوردستان پۆستدا.. ئەنجامدانی: لەیلا مۆریاسی

بوختان دروستکەر،ببورن ئامادەکەری گۆشەی گۆڵمەزی ک. پۆست، کە کاری رۆژانە ی بووەتە بوختان و درۆ دروستکردن بۆ لایەنێکی دیاری کراو و کاری بووەتە پەلاماردانی هەرکەسێک ،گەر تەنیا دێرێک بنووسێت کە لەگەڵ بوختانەکانی ئەودا یەک نەگرێتەوە. جا بە حوکی ئەوەی کە جەنابی هەزەلی و قسە خۆشە، بۆیە خاتوو قل قل ئەم چاوپیکەوتنەی لەگەڵدا سازکرد.

خاتوو قل قل: سە رەتا ملشکاوی، ببورن بە خێرهاتنتان لێدەکەین بۆ دیداری ئەورۆی بەرنامەی درۆبکە تا ئەتونی.

گۆڵمەز :سوپاستان دەکەم بۆ دەرفەت رەخساندنتان تا وەکو بتوانم بە راشکاوی تر و بە ئاشکرا تر درۆ و بوختانی تازەتان بۆ بکەم.

خاتوو قل قل: بێگومان ئاشکرایە کە ئەمە یەکەم ئەڵقەی بەرنامەکەمانە، بە باشمان زانی کە شەرەفی یەکەم میوانداری بە ربەرێزتان بکەوێت.

گۆڵمەز : سوپاس کە ئاوا ئامانجی راسەقینەی خۆتان پێکاوەو گەیشتونەتە ئە و قەناعەتەی کە من یەکەم بوختان چیم، وا ئەوو شەرەفەتان دامێ. هیوادارم کەلەئەڵقەکانی تری بەرنامەکەتاندا هە رخۆم میوانتان بم و بە درۆ و بوختان بەرامەکەتان وەک ک. پۆست برازێنمەوە.

خاتوو قل قل: سەرەتا خۆت بناسێنە.

گۆڵمەز : ئە قسەیە چیە؟ خۆم بناسێنم!. بۆ پێتان وایە کە خەڵکی نامناسن. جاخۆ من بە حسابی خۆم هیچم نەهێشتۆتەوەو خەڵکی دەمناسن.. دەک موبارەک نەبێت، جاخۆ من وام تصوردەکرد، کە بەحساب لەرێگەی گۆشەی بوختان(گۆڵمەز) ەزەوە خەڵکی دەمناسن.

خاتوو قل قل: برای بوختان چی! پێویست بە خەم وخەفەت ناکات.ئەوەش دەسرِی کاغەزە لەسەر مێزەکە، ئەگەر خوانەخواستە چاوتان پێویستی پێیان بوو.

گۆڵمەز : وەڵا من ناگریم، بەڵام من بە حسابی خۆم هەزەلیم گۆڵمەزم گێراوە، کە وا تازە بە تازە دەبێت خۆم بناسێنم!!.

خاتوو قل قل: بفەرموو

گۆڵمەز : من بە حساب لەدایکبووی سلێمانیم، خاوەنی چاوو برۆیەکی رەش وجوانم. ناوەکەشم لەگەڵ کەسایەتیمدا لەبارو گونجاوە. وە بەحوکمی ئەوەی کە درۆو بوختان دروست دەکەم، دیارە خەڵکی دەزانن کەچەند پاقژ، ببورە کەچەند طاهر و صالح وشەریفم. هەرچەند من گلەییەکی گەورەم لە دایک و باوکم هەیە، کە جۆن ناویان نەناوم صادق، دیارە بەحوکمی ئەوەی راستیەکان دەڵێم!.

خاتوو قل قل: دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگت تاناوت لە پاقژەوە ببێت بەصادق. دیارە ئەگەر بەحەق صادق نەبویتایە، ئەوا نەدەبویتە یەکەم میوانی بەرنامەی درۆبکەتادەتوانی

گۆڵمەز : صدقت... سوپاس بۆ پەروەردگار کە لە ماهیەتم تێگەیستوون.

خاتوو قل قل: بۆ دژایەتی ناحەقی کوردستان نێت دە کەن؟

گۆڵمەز : لە داخا، ئەی بۆچی زۆربەی نوسەرەباشەکان، نووسین بۆ ک. نێت دەنیرن؟چونکە ئاوان وەک ئێمە بوختان و درۆ بڵاوناکەنەوە!.

خاتوو قل قل: خەڵکانێکی زۆر نازانن کە نازناوی( پور بسمیل) کا کاتی خۆی بە سەرتادابرِا لە چییەوە هاتووە؟ خۆزگە باست دەکرد..

گۆڵمەز : دادە گیان برینی کۆن مەکولێنەرەوە. من هاتوم لە بەرنامەکەتاندا درۆ بکەم، نەک باسی رابردوی خۆمتان بۆ بکەم. ئەم قسە هەڵەق و مەڵەقانە چییە؟

خاتوو قل قل: ببورە پرسیارەکە بە شێوازێکی تر دەکەین.. پەیوەندی نازناوی( پور بسمیل ) بە

چاوە ڕەش و جوانەکانتەوە چییە؟

گۆڵمەز: ئاخر تۆ قسە بە پیاو دەکەیت!!من چاو و برۆیەکی ڕەش و جوانم هەیە، کاتی خۆی و ئێستاش پێیان دەووتم و پێمدەڵێن کە لە پیرێژنی قەڵادزێیی دەچم. جارێکیان سەر و سمێلم پاك تاشی جلی ژنانەم لە بەر کرد و لە ماڵ هەروا نزیکەی 200 مەترێک دوور کەوتمەوە. تصور بکە یەک کەس نەیزانی کە پیرێژنی قەڵادزێیی نیم!! مناڵێکی ساختەچی ناسیمیەوە و ووتی. ئەرێ بەدین ، ئەوە کاک تاییرە، ئیتر بە پور بسمیل پور بسمیل دوام کە وتوو مناڵانی تری لێ ووروژاندم هەتا کردیانم بە ناو بە ناو ماڵدا. ئیتر لە دوای ئەوە وە سەری خۆم هە لگرت بۆ هەندەران و نازناوی ( پور بسمیل )یان بەسەرا بریم، بۆیە ناچار بووم شار بەجێ بهێڵم و ڕوو لەهەندەران بکەم.

خاتوو قل قل: دەڵێن لە کەنەدا عاشقی کیژێکی زۆر جوان بویت، (موسارەحەشت کرد) بەڵام ئەو (ڕەفزی کردی) و ......

گۆڵمەز: تکات لێ دەکەم با ئەم پرسیارە تەرک بێت و برینم مەکولێنەرەوە.

خاتوو قل قل: لەنوسینەکانتانەوە ئەوە بەرچاودەکەوێت، کە ئێوە بە حەق وناحەق پەلاماری لایەنێک دەدەن و چاوە ڕەش و جوانەکانتان لەوانی تر دەنوقێنن.. بۆ؟

گۆڵمەز: بەڵێ، فەلسەفەی من و بوختان کەرانی تری وەک من لە ک. پۆستدا یەک شتە. باسی هەرچی بکرێت،هەنگاوی باش بنرێت یان نا، ئەوا ئێمە دەیبەینەوە سەر یەک لایەن و سەر سەرکردایەتیەکەی . حەزدەکەیت باسی ڤایرۆسی کۆمپیوتەر بکە، ئێمە حەقمان بەسەرەوە نییە و دەیبەینەوە سەر پارتی.

خاتوو قل قل: ئێ باشە بۆ؟

گۆڵمەز: وایە دادە گیان، وامان پێوتراوە، تعلیماتە و پێویست ناکات بچیتە تفاصیلەوە.

خاتوو قل قل: چاوەڕوانی هیچ دەکەن لە بەرامبەردا؟

گۆڵمەز: طبعا..چاوەڕوان دەکەین، کە لە سلێمانی دەزگایەک لەبەرامبەر دەزگای ئاراس بەناوی دەزگای (ئارام) ەوە دروست بکرێت، ئە وسا ئەو دەزگایە خەڵات دەداتە ئێمە ئەمە جگە لەوەی کە حەقدەستی ئەو مەقالانە بە مفتی وەردەگرین.

خاتوو قل قل: حەقی ئەونوسینانە بە گۆترەیە، یان بەپێی بەقوەتی درۆ و بوختانەکەیە؟

گۆڵمەز: دادە گیان تۆ باسی چی دەکەیت!بەپێی ووشەیە. ئە ی نابینی بۆچی وا بەپەلە پروسکێ و یەک لەسەریەک مەقالە دادەبەزێنم.هەموو ووشەیەک قیمەتی خۆی هەیە، دیارە لەبەر سریاتی مهنة ناتوانم بیڵێم. تەنانەت ماڵیان ئاوا بێت،( لە، لا، بۆ...هتد) بە ووشە حساب دەکەن.. ئەنجا ئیتر خۆت سەر پشک بە و حسابی بکە!!.

خاتوو قل قل: کاسپیەکی خراپ نییە؟

گۆڵمەز: طبعا. ئە ی وا دەزانیت گاڵتەیە!!.

خاتوو قل قل: بە لاَم دڵنیابن کە خەڵکی باوەڕ بە وبوختان و درۆیانەتان ناکەن..

گۆڵمەز: دادە گیان، ئێمە بوختانی خۆمان دەکەین و پارەی مفت دەخەینە تەنکەی گیرفانەوە.

خاتوو قل قل: لەوەلاَمێکتدا بۆ بەڕێزێک، نووسیبووت، کە گوایە لە سلێمانی بە پێی تواناو بێ کەمتەرخەمی دژایەتی بەعست کردووە. دەکرێت پێمان بڵێیت چۆن چۆنی؟

گۆڵمەز: طبعا.. ئەوەندەی من دژایەتی بەعسم کردووە، کەس نەیکردووە. با بۆتان باسکەم. ئەوکاتانەی مۆدی دیوار نووسین بوو لەسلێمانی، بەیانیان کەدەچوم بۆ مەکتەب، لەڕێگا بەدزیەوە و لەدڵی خۆمدا، ئەوەندەی بمتوانیایە و ترس دەرفەتی بدامایە نوسینی سەر دیوارەکانم دەخوێندەوە. تەنانەت لە ئاودەستەکانی مزگەوتی گەورە، خانەقا، عەرزی خوشکی خۆمی بکەم مزگەوتی عبدالله لطفی، کورە لەهەموو

مزگەوتێک، بەدەم خۆ خاڵی کردنەوە، ئەگەر بڕوخێ بەعس بنوسرایە، ئەو
دەمخوێندەوە.. توخوا ئەوە خەبات نییە، لە شارێکی وەک سلێمانیدا؟
خاتوو قل قل: طبعا..کێ دەتوانێت بڵێت خەبات نییە؟خەباتی وا بەهەموو کەس ناکرێت!
گۆڵمەز : جگە لەوانە،ئەگەر لەماڵەوە بومایە و میوانمان نەبوایە و عێراق یاری دوو گۆڵی
لە دژی قطر یان هەر وولاتێکی تر بکردایە، ئەوا حەزم دەکرد عێراق بیدۆرێنێت.
کە بەزمی خفیفة داهات، حکومەتم زۆج کردبوو.یەک وەرەقەی تەنکی خفیفەم
خستبووە گیرفانمەوە، سڵم لە دێو نەدەکردەوە. تصور بکە ئەو حکومەتە زل و
زەبەلاحەی بەعسم بۆ زۆج کردبوویت.حکومەت بە حسابی خۆی منی کردووە بە جاش، بەڵام
نەیدەزانی من خفیفەم.
جگە لەوانە..کەسەیری تەلەفزیۆنم دەکرد، شەوانە لە دوای فلیمی شەوەوە، ئەو
کاتەی تەلەفزیۆن تەواو دەبوو، یەکسەر تەلەفزیۆنەکەم دەکوژاندەوە ڕێگەم نەدەدا
بە خۆم تا گوێم لەسلاوی کۆماری بێت.. ئەمە سەرباری ئەوەی چەندین جار لەدڵی
خۆمدا ووتومە بڕوخێ بەعس.. بە ویژدان سوێندت دەدەم، چۆن خەباتێکە؟
خاتوو قل قل: شازی خەباتە.. ئە ی باشە لەسەر ئەو هەموو خەباتە لەبن نەهاتوەت زیندانی
نەکراویت؟
گۆڵمەز : نەخێر.. ئاقڵ ئەوەیە ، کە بزانێت چۆن خەبات دەکات.کەسانی واهەبوون دەچون
دەبونە پێشمەرگە، یان دەبونە ڕێکخستن،، ئەی طبیعی دەکوژرێت و دەگیرێت!!.
تصور بکە،کەسانی واهەن کە پێشمەرگایەتی بە خەبات دادەنێن..نازانن ئێمەو
مانان لە شاردا چ خەباتێکی سەختی لەبن نەهاتوومان کردووە.
خاتوو قل قل: کاک پاقژ، نوسیوتە، کە گوایە سەرچاوەی ئاگادار لە کوردستانەوە هەواڵت بۆ
دەنێرن.. تو ئەسحابە ئەوە چۆنە؟
گۆڵمەز : ئێوە تیزەجاڕ بە نووسەری صادق و طاهر دەکەن.وا چاکە احترامی نووسەری
صادقی وەک من بگرن. بە نیسبەت سەرجاوەی ئاگادارەوە.. دەمە لەچیت کەمە!!
بەڵێ ئەوە زۆر ئاسانە، لەخۆتەوە بڵێ سەرچاوەی ئاگادار، ئیتر خۆ خەڵکی
دەستیان بە ..... نییە بزانن ڕاست دەکەیت یان نا.لەڕاستیدا نەسەرچاوەی ئاگادار
نە تەڕەماش. هەموی کۆمەڵێک بوختانن کە خۆمان ڕۆژانە دروستیان دەکەین.. بەڵام
ئەو جۆرە چەواشە کردنانە قوەت دەدەن بە مەقالەکان.. دوای ئەوە، خۆ هەر من
بەتەنها نیم، کەسەرچاوەی ئاگادارم هەیە،، برادەری ترمان هەیە، کەسەرچاوەی
لەنزیکەوە ئاگادار لە دادگایی کردنی سەددام ئاگاداری دەکات.
خاتوو قل قل: ئای کە وانییە!!
گۆڵمەز : ڕاستە، خۆی خواو ئەمریکیەکان نەبێت، کەس نازانێت، ڕێڕەوە دادگایی کردنی
سەددام بە چ ئاقارێکدا دەچێت؟بەڵام ئەوبرادەرەی ترمان بە قودرەتی قادرو
بە درۆی باڵدار سەرچاوەی ئاگادری هەیە.. بە شەرتێک لەسویدیش دەژی. ها..
خاتوو قل قل: کاک پاقژ..درۆ لەهەمووکەس نایەت!!
گۆڵمەز : چاوت لێیە!!!ڕەحمەتت لێ بێت..
خاتوو قل قل: ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە، کە درۆو بوختان زیاتر لە ک. پۆستدا
بڵاودەبێتەوە.
گۆڵمەز : عەرەب قسەیەکی هەیە( منا و بنا)، دادە گیان ئەوە بە گاڵتە نەوتراوە.ئێمەش
وادەکەین، لە خۆمانەوە بۆ خۆمان.دوای ئەوە، ماڵپەڕەکانی تر دەزانن، کە درۆ و
بوختانن، بۆیە بۆمان بڵاوناکەنەوە.بۆیە ئێمەش بڕیارمان داوە، کە بۆیان نەنێرین.
دەبخۆن دەی ئاوایان لێدەکەین، لە و درۆ و بوختانە ناسک و نازدارانە بی بەشیان
دەکەین.
خاتوو قل قل: دەڵێن بە منداڵی خۆڵە پەتانێی زۆرت کردووە.ئایا پەیوەندە بەو کارەی ئێستاتەوە

هەیە؟

گۆڵمەز : بەڵێ.. بە منداڵی خۆڵە پەتانێ،، بەگەورەیی خۆڵ کردنە چاوی خەڵکی لەرێی درۆ و بوختان دروست کردنەوە.

خاتوو قل قل: باشە بێتاقەت نابیت؟

گۆڵمەز : دادە گیان تۆ زۆر سەیر بیردەکەیتەوە.. تا(عملة صعبة) هەبێت، نەوەڵڵا بێتاقەت نابم. بە پێچەوانەوە، تابێت درۆکان گەورەتر و باڵدار تر دەبن. دادە گیان. وا مانگی 8 بە رێوەیە. جا بزانە چیدەکەین. مەگەر ئە و خوایە بۆ خۆی بزانێت..نان هەبێت لە مانگی 8 دایە. یادی دامەزراندنی پارتیە، یادی لە دایک بوونی سەرۆکی هەرێمە کورە بە خوشکی خۆم بڵێم، باسی 31 مانگە..کوڕ ئەو کورەیە لەو مانگەدا دەست بوەشێنێت و پارەی خۆی بپچرێت!!!.

خاتوو قل قل: چاوە رەش و جوانەکانت تەنها یەک لایەن دەبینێت و باشە کانی خراپ دەکات و لە ئاست خراپەکانی لایەنەکەی تردا دەبنە کەرەی شەربەت.. ئەرێ بۆ؟

گۆڵمەز : سەرەتا ئەوە سری مهنە یە... پاشان دەتوانیت نموونەیەکمان پێ بڵێیت؟

خاتوو قل قل: کورە سەدانت بۆ دەژمێرم.. تازەترینیان چاو پێکەوتنەکەی سەرۆک کۆمارە، لەگەڵ رۆژنامە نووسێکی تورکدا..کە دەڵێت: ( ئەگەر سەرۆکی دەوڵەتێکی کورد بومایە، ئەوا نەمدەتوانی لەگەڵتاندا ماسی بخۆم).

گۆڵمەز : راست دەکات، ئەگەر دەوڵەتی کورد هەبوایە، ئەوا ئەو نان و ماسی دەست نەدەکەوت.تو ویژدانت، بەراوردێک هەیە لە نێوان ماسی و دەوڵەتدا؟ دەوڵەت نانە ئاوە، چییە؟ دەوڵەت هەبێ یان نەبێت چییە؟بۆ نمونە، دەوڵەت ناخورێت، ماسی دەخورێت..دەوڵەت نابرژێنرێت، ماسی نەک هەر دەبرژێنرێت، بەڵکە سوریش دەکرێتەوە..اشهد  باللە ماسی خراپەیەکی هەیە.. ئەویش ئەوەیە، ماسی درکی هەیە و دەوڵەت درکی نییە!

خاتوو قل قل: ئەگەر لە دەوڵەتدا گوڵ هەبێت، ئاوا دەوڵەتیش درکی هەیە.

گۆڵمەز : رەحمەتت لێبێت.. کەواتە بەهەموو حسابێک ماسی لە دەوڵەت باشتر ولە پێشترە .یحیی الرئیس  بۆ خۆیی و بیرکردنەوەی.. خۆ ئێمە دەزانین کە سەرکردەی ناوبراو بە سەدان قسەی بێ سەر و بەرەو هەڵوێستی تری سەقەتی هەیە، بەڵام بۆ معلوماتت، بە دێرێک باسی ناکەین. دادە گیان، مەپرسە بۆ؟ چونکە لەوەڵامدا دەڵێم، تعلیمات وایە.

خاتوو قل قل: ئەی کە بە بەرچاوی دنیاوە. لەسەر تەلەفزیۆن نوکتەی لەسەر کورد کرد، یان کە بە بەرچاویەوە سوێندی سەقەت خورا. نەک هەر بە سەریدا تیپەڕ ی ، بەڵکە چەپڵەشی لێدا... ئەی ئەوەیان بۆ نقەتان لێوە نەهات؟

گۆڵمەز : دادە بە کوردییەکەی تۆ دەتەوێت نان براومان بکەیت!.

خاتوو قل قل: جا ئەوە ویژدانە؟

گۆڵمەز : نەوەڵڵا.. بەڵام بیرت نەچێت، نان پەیدا کردن هە روا گاڵتە نییە!!.

خاتوو قل قل: ئەرێ بەڕاست جارێک شتێکت لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی نووسیبوو!جانازانم بۆیان نووسیبویت یان نا، چونکە، ئەوە لە گەڵ فەلسەفەکەی ئێوەدا، کە دژایەتی کردنی لایەنێکی ترە ناگونجێت.

گۆڵمەز : طبعا خۆم نوسیوومە.. من باس لەکۆمەڵگای مەدەنی دەکەم، کە خۆم تا سەر ئێسقان نامەدەنیم و فرم بە سەر مەدەنییەتەوە نییە..من وا دەزانم مەدەنی بوون ئەوەیە، کە باسی پارتێک بکەیت و بە عەشایەر لەقەڵەمی بدەیت.

خاتوو قل قل: کاتت زۆر پێویستە بۆ بوختان دروست کردن؟کەس یارمەتیت دەدات؟

گۆڵمەز : نەوەڵڵا جاری واهەیە، هەر بەهەوای شان لەمەقالەیەکدا دەیان درۆ و بوختان دروست دەکەم و دەیان راستی دەشێوێنم، تەنانەت بەفۆتۆ شۆپ ڕەسمیش

دەستكاری دەكەم، بە خبرەی خۆڵە پەتانێ، خۆڵ دەكەمە چاوی خەڵكی، گەر بۆم بكرێت..هەرچەند بەینی خۆمان بیت، دەزانم خەڵك هێند گێل نییە ، تا بە و بوختابانەی ئێمە و مانان بڕوا بكات..بەڵام دەشبێ بیكەین.

خاتوو قل قل: دەك موەفەق نەبن!!

گۆڵمەز : دەمخۆش وفیق سامەڕائی لای پارتییە!!

خاتوو قل قل: برا گیان كێ باسی وفیی كردووە.. تۆ بۆ هەموو شتێك دەبەستیتەوە بە پارتییەوە! من ووتم موەفەق نەبیت.

گۆڵمەز :وام زانی پرسیارت كرد وفیق لای كێیە؟ڕاستە ئێستا ڕاوێژكاری طویل العمر سەرۆك كۆمارە بۆ كاروباری ئاسایش. بەڵام خوا ئاگای لێیە، ناوی بێنی، بوختان دەكەم و دەڵێم لای پارتییە.

خاتوو قل قل: پرسیارێكی ناوەخت، حەزت لە دەنگی (خەلیل مراد وەندی) ە؟

گۆڵمەز : ئا ئەوە پرسیارە، طبعا ئاشكرایە كە برایم خەلیل، خاڵی گومرگیە و بە دەست كێوەیە؟

خاتوو قل قل: ئەرێ ئەوە تۆ تەریق نابیتەوە؟ كێ باسی گومرگی كردووە، من پرسیارم لە سەر دەنگی گۆرانی بێژ كرد. تۆ بەچی بردەوە سەر پارتی؟

گۆڵمەز :دادە گیان، ئەوە كاری ئێمەیە. حەز دەكەیت تۆ باسی مەریخ بكە. من دەیبەمەوە سەر پارتی. بالمناسبة مەریخ زەردە.

خاتوو قل قل: واچاكە بەرنامەكە كۆتایی پێ بهێنین!

گۆڵمەز : دادە گیان، سوچم عوزرم، قەباعەتم. تۆ بۆ عاجز بوویت و بەرنامە كۆتایی پێدێنی؟ ڕێگەم بدە تۆزێكی تر بوختاب بكەم، خۆ فریای هیچ نەكەوتم!

خاتوو قل قل: كاك پاقژ! كاتی بەرنامە تەواو بوو.بینەرێكی ساڵح و شەریفمان هەیە، خۆ دەبێت ئێمەش لەگەڵیاندا صادق و طاهر بین.بە خۆشحاڵیەوە میوانداری ترت دەكەین.

گۆڵمەز : بەو پەڕی پەرۆشییەوە.. منیش بە حوكمی صادقی و طاهریو ساڵح و شەریفیمەوە بێ بەشتان ناكەم لە درۆی ناسك و نازدارو لە بوختانی سەرچاوەدار. بەس توخوا جارێكی تر میوانداریم بكەنەوە. بەخوا من وام دەزانی مەشهورم و خەڵك دەمناسێت بەڵام دیارە كەس دێرێك لە بوختانەكانم ناخوێنێتەوە.من بە حسابی خۆم زۆر مهم و حسابم بۆ دەكرێت، بەڵام دیارە سفری دوای فاریزەش نیم.... سەرباری هەموو ئەوانە بەردەوام دەبم لە سەر نەهجی خۆم، كە بوختان و خۆڵ كردنە چاوە.

خاتوو قل قل: موەفەق نەبن!!

لەیلا مۆریاسی